مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
Kirkuk University Journal Humanity Studies
ISSN (Print): 1992-1179 | ISSN (Online): 3107-3360
kujhs.uokirkuk.edu.iq
Volume 21 • Issue 2 • June 2026 | 2026 حزيران • 2 العدد • 21 المجلد

# Numerical Exaggeration in the Aspects of Civilization during the Early Abbasid Era (132–232 AH / 749–847 CE): A Historical Analytical Study

Lect. Dr..Lanja Talaat Obaid
Lanja.obaid@su.edu.krd
Salahaddin University-Erbil, College of Arts, Department of History

| معلومات البحث |
|---|
| تاريخ الاستلام 22 /1/2026 |
| تاريخ التعديل 07/03/2026 |
| تاريخ القبول 29/03/2026 |
| تاريخ النشر 15/6/2026 |
| نوع البحث بحث اصيل |
| **Doi:**10.32894/1992-1179.2026.168592.1339 |
| IRAQI Academic Scientific Journals https://iasj.rdd.edu.iq الباحث المسؤول : **عبيد, لنجة طلعت(٢٠٢٦).** المبالغة العددية في جوانب الحضارية في العصر العباسي الأول((١٣٢-٢٣٢هـ / ٧٤٩–٨٤٧م) دراسة تاريخية تحليلية. *مجلة* جامعة كركوك للدراسات الإنسانية . المجلد ٢١ العدد ٢ حزيران. ٥٤٤-٥٦٣ Doi: 10.32894/1992-1179.2026.168592.1339 |

***Abstract :*** This study investigates the phenomenon of "numerical inflation" within Islamic historical sources as a fundamental methodological element in constructing the civilizational narrative of the Early Abbasid Era. The research problem focuses on the structural discrepancy between the quantitative data provided by classical sources—pertaining to urban infrastructure, library capacities, and fiscal revenues—and the empirical socio-economic constraints of the period. Employing a descriptive-analytical and comparative methodology, the research utilizes Ibn Khaldun's "Theory of Umran" as an epistemological framework to scrutinize the authenticity of historical texts. The findings demonstrate that these exaggerations were not merely incidental statistical errors but functioned as a "political-rhetorical" strategy and "cultural symbolism" aimed at reinforcing the caliphate's civilizational legitimacy. The study concludes by emphasizing the imperative of "internal textual criticism" and an interdisciplinary approach to deconstruct propagandistic discourse and extract objective historical realities.

***Keywords***: Numerical Inflation, Abbasid Civilization, Historical Criticism, Ibn Khaldun, Textual Symbolism

# المبالغة العددية في الجوانب الحضارية في العصر العباسي الأول (١٣٢-٢٣٢هـ / ٧٤٩-٨٤٧م) دراسة تاريخية تحليلية

م. د . لنجه طلعت عبيد
جامعة صلاح الدين- اربيل / كلية الأداب/ قسم التاريخ
Lanja.Obaid@su.edu.krd

**الملخص**

تتقصى هذه الدراسة ظاهرة " المبالغة العددية" في المصادر التاريخية الإسلامية، بوصفها ركيزة منهجية في صياغة المتخيل الحضاري للعصر العباسي الأول. تتبلور إشكالية البحث في التباين الجوهري بين المعطيات الكمية للمصادر الكلاسيكية (المتعلقة بالبنية التحتية، وسعة المكتبات، والموارد المالية) وبين العوامل الطبيعية والاقتصادية لتلك الفترة. اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي والمقارن، مع توظيف المنظور "الخلدوني" للعمران كإطار المعرفة لتمحيص موثوقية النصوص. خلصت الدراسة إلى أن هذه المبالغات لم تكن مجرد انزياحات إحصائية عفوية، بل مثلت استراتيجية "بلاغية-سياسية" و"رمزية ثقافية" تهدف إلى تكريس الشرعية الحضارية للخلافة وتعظيم مركزية بغداد المعرفية. وتوصي الدراسة بضرورة تفعيل "النقد الداخلي للنص" والتقاطع مع العلوم الإنسانية الأخرى لتفكيك الخطاب الدعائي واستخلاص الحقائق التاريخية المجردة.

**الكلمات المفتاحية** :التضخم العددي، جوانب الحضارية العباسية، النقد التاريخي، ابن خلدون، رمزية النص.

## زیادەڕۆیی ژمارەیی لە لایەنەکانی شارستانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی یەکەم(١٣٢-٢٣٢ک / ٧٤٩-٨٤٧ز) توێژینەوەیەکی مێژوویی شیکارییە

م.د. لەنجە طلعت عبید
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر دیاردەی "زیادەڕۆیی ژمارەیی" لە سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەکاندا و هەوڵ دەدات ڕۆڵی ئەم دیاردەیە لە وێناکردنی شارستانیەتی سەردەمی خەلافەتی عەباسی یەکەم ڕوون بکاتەوە. کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە ژمارەکان و زانیارییەکانی سەرچاوە بنەڕەتییەکان (وەک ژێرخانی شار، توانای کتێبخانەکان و سەرچاوە داراییەکان) پەیوەندییان هەیە بە بارودۆخی سرووشتی و ئابوورییەکانی ئەو قۆناغە.

لەم توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی-شیکاری و بەراوردکاری پەیڕەو کراوە هاوکات تیۆری "ئاوەدانی" لای ئیبن خەلدونی وەک پێوەرێکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستیی دەقەکان بەکار هێناوە. ئەنجامەکان دەیسەلمێنن کە ئەم زیادەڕۆییانە تەنها سەرپێچییەکی ئاماری نەبوون، بەڵکو نەخشەڕێیەکی "ڕەوانبێژیی سیاسی" و "نیشانەسازییەکی کولتووری "بوون بۆ چەسپاندنی شەرعیەتی شارستانیەتی

خەلافەت. توێژینەوەکە جەخت لە پێویستیی جێگیرکردنی شێوازی "ڕەخنەی ناوەکیی دەق" دەکاتەوە بۆ جیاکردنەوەی گوتاری پڕوپاگەندەیی لە ڕاستی مێژوویی

**وشە کلیلەکانی:** زیادەڕۆیی ژمارەیی، شارستانیەتی عەباسی، ڕەخنەی مێژوویی، ئیبن خەلدون، نیشانەسازیی دەق

## پێشەکی :

سەردەمی خەلافەتی عەباسی یەکەم (١٣٢–٢٣٢ک/ ٧٤٩–٨٤٧ز ) یەکێک بوو لەگرنگترین قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامی، کە پێشکەوتنێکی شارستانیی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە، وئەم پێشکەوتنە لە بوارەکانی زانست و بیرکردنەوە، بزاڤی وەرگێران، تەندروستی، بیناسازی، ئابووری و بەڕێوەبردندا بەدی دەکرێت. سەرچاوە مێژووییەکان، شاری بەغدا وەک ناوەندی شارستانیەتی جیهانی پیشان داوە، شوێنی کۆبوونەوەی زانایان و یەکگرتنی کەلتوورە جیاوازەکان، بەڵام ئەوەی بەدی دەکریت لەم سەردەمە مێژوییەدا زیادەڕۆییەکی زۆرە لە ژمارە ، بەتایبەتی لەمیانەی باسکردنی

ڕووکارەکانی شارستانیەت، وەک: ژمارەی زانایان و فێرخواز، بزاڤی وەرگێران و کتێبەکان، لایەنی بیناسازی، یان سامانی دارایی دەوڵەت هتد.. .

ئەم زیادەڕۆیکردنە هەندێ جار بە شێوەی ژمارەی دیاریکراو هاتوون، و هەندێ جار بە وەسف کراویی، کە زۆریی بێ سنوور تێدا هەست پێدەکرێت، کە ئەمە پرسیارێکی جەوهەری دروست دەکات سەبارەت بە دروستی ئەم ژمارانە و مەبەستەکانیان.

## کێشەی توێژینەوە:

سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی عەباسی یەکەم(١٣٢-٢٣٢ ک/٧٤٩-٨٤٧ز) ڕەنگدانەوەی شارستانیەتێکی گەشەسەندووە. بەڵام ئەم وێنایە پەیوەستە بەبەکارهێنانی زیادەڕەوی ژمارەیی لە کاتی وێناکردنی لایەنەکانی زانست و بزووتنەوەی وەرگێران و گەشەسەندنی شار و سەرچاوە ئابوورییەکان. ئەم ژمارانە زۆرجار وەک ئامرازی ڕەوانبێژی و پڕوپاگەندەیی بۆ شکۆمەندکردنی دەوڵەتی عەباسی و تیشک خستنە سەر پێگەی کولتووری بەغدا بەکارهێنران، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی وردبینی ژمارەیی یان ئەگەرە ڕاستییەکان بکرێت. کێشەی لێکۆڵینەوە لە نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەدایە، کەجیاوازی بکات لە نێوان ڕەهەندی نیشانەی ئەم کەسایەتیانە و بەهای بەڵگەنامەییان. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە لە زیادەڕەوی ژمارەیی وەک دیاردەیەکی مێژووی لە گوتاری کولتووری عەباسیدا هەیە.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١-باسکردنی دیاردەی زیادەڕەوی ژمارەیی لەوێناکردنی لایەنەکانی شارستانیەت لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی سەردەمی عەباسیدا .

٢- شیکردنەوەی ڕێژەی نزیکبوونی ڕاستی ژمارەکان ، بە بەراورد لەگەڵ تواناکانی دەوڵەت لەوکاتەدا.

٣- هەڵسەنگاندن بۆ ڕاستی ئەم ژمارانە لە ژێر ڕۆشنایی توانا ئابوورییەکانی دەوڵەتی عەباسیدا. تیشک خستنە سەر گرنگی ڕێبازی ڕەخنەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەکان لە نووسینی مێژوویی ئیسلامیدا.

پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. مێژوونووسانی موسڵمان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ژمارەکان کردووە لەباسکردنی زانست، وەرگێڕان، بیناسازی و ئابووری؟

٢. تا چ ڕادەیەک ژمارەکانی پەیوەست بە شارستانیەت لەم سەرچاوانەدا ڕەنگدانەوەی ڕاستینەی مێژوویی ڕاستەقینەن؟

٣. چۆن ڕەخنەی مێژوویی بەشدارە لە لێکدانەوەی زیادەڕەوی ژمارەیی و تێگەیشتن لەکاریگەرییە شارستانیەتەکان؟

٤. چۆن دەتوانرێت میتۆدی ڕەخنەگرانە بەکاربهێنرێت بۆ تێگەیشتن لە سروشتی زیادەڕۆیکردنی ژمارەیی لە سەرچاوە مێژووییەکان؟

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەمانەدا دەردەکەوێت:

- ڕوونکردنەوەی ڕێژەی متمانەی سەرچاوە سەرەتاییەکانی مێژووی ئیسلامی لەخستنەڕووی لایەنەکانی شارستانیەت.
- بەراوردکردن و شیکردنەوەی زیادەڕۆیی ژمارەییەکان لە توێژینەوەکانی شارستانیەتی ئیسلامی.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

- کەمی توێژینەوە دەربارەی زیادەڕۆیی ژمارەیی لەلایەنی شارستانیەتی لەسەردەمی عەباسی یەکەم.
- بەکارهێنانی میتۆدی ڕەخنەیی و بەراوردکاری بۆ مەبەستی شیکردنەوەی زانیاری سەرچاوە مێژووییەکان.

پلان و چوارچێوەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە بۆ سێ تەوەرە دابەش دەبێت:

١. تەوەرەی یەکەم: تایبەتە بە پێناسەی چەمکی زیادەڕۆیی ژمارەیی، سروشتی سەرچاوەکان.

٢. تەوەرەی دووەم : زیادەڕۆی ژمارەیی لەڕووکارەکانی شارستانیەتی عەباسی لەلایەنی زانستی ، زانایان و فێرخوازان، وەرگێڕان و کتێبەکان.

٣. تەوەرەی سێیەم: تایبەتە بەزیادەڕەوی ژمارەیی لە گەشەپێدانی شار و بیناسازی لەسەرەتای سەردەمی عەباسیدا،

تویژینەوەکانی پێشوو:

لەم لایەنەوە کەمتر توێژەران پرژاونەتەسەر ئەم بابەتانە و تیشکی کەم خراوەتەوەتە سەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە هەیە باسیان لەوە کردووە، کە ئەو ژمارانەی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، ڕەنگە هەندێکجار بۆ مەبەستی سیاسی یان پڕوپاگەندەیی زیادەڕەوییان تێدا بکرێت، نەک تەنها گێڕانەوەی بابەتی ڕاستییە مێژووییەکان. لەوانە: (مشكلة العدد في مصادر التاريخ الإسلامي خداع الرقم أم غلط الرواة ، ابن خيرة، نجيب عبد الرحمن، مجلة معرفة ، الناشرجامعة القاهرة، كلية الآداب، مركز البحوث و الدراسات التاريخية)

ئاماژەی بەوە کردووە، کە ژمارەکان زۆرجار ڕەنگدانەوەی ئامانجە سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکانن، کە لەڕاستیدا تێدەپەڕێنن، بەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە پێویستە هەڵسەنگاندنی ورد بۆ ئەم زیادەڕەوییانە بکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوە.

میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی وەسفی شیکاری کراوە، میتۆدەکە، بریتییە لە شوێن پێهەڵگرتنی ئەو گێڕانەوەیانەی لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی عەباسیدا دەبینرێن و شیکردنەوەی ژمارەکانی پەیوەست بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی شارستانیەت، وەک ژمارەی زانا و فێرخواز ، بزووتنەوەی وەرگێران، گەشەسەندنی شارەکان و سەرچاوە ئابوورییەکان، لە چوارچێوەی زەمینەی کاتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا. هەروەها شێوازێکی بەراوردکاری بەکارهاتووە توێژینەوەکە وەک داتای ئاماری ورد مامەڵە لەگەڵ ئەم ژمارانە ناکات، بەڵکو ئەم ژمارە زۆرانەی کەلە گێڕانەوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکراوە زۆر جار ئاماژەی سیاسی یا بەلاریدابردنی تێدایە یا نەک ڕاستیەک بێت ئەمەش وا دەکات، کە جاریکی دیکە چاو بەو دەقانە بخشێنینەوە کە ئەم هەڵانەی تیایدا باس کراوە.

تەوەرەی یەکەم: چەمکی زیادەڕەوی ژمارەیی:

یەکەم: چەمکی زیادەرۆیکردنی ژمارەیی لە نووسینەکانی مێژوویی ئیسلامیدا:

زیادەڕەوی مێژوویی: شێوازێکە لە نووسینی مێژوو، کە زیادەڕەوی لە ڕووداوەکان، ڕاستییەکان، دەرئەنجامەکان، یان تایبەتمەندییەکان لە دەرەوەی ڕاستینەی مێژوویی ڕاستەقینە لەخۆدەگرێت. ئەم زیادەڕەوییە لە پاڵنەرە سیاسی، ئایدیۆلۆژی، کولتووری، یان ئەدەبییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، یان لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە لە هەواڵ و گێڕانەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە پێویستە ئەم بابەتە مێژووییە بخرێتە ژێر ڕەخنە و بەراوردێکی ورد و شیکارییەکی ڕێکخراو، بۆ ئەوەی بتوانرێت وێنایەکی نزیکتر بۆ ڕاستی لە ڕووداوەکانی ڕابردوو پێشان بدرێت. (ابن خلدون، ٢٠٠٤: ٢١–٢٣؛ الدوري، ٢٠٠٧: ٤٥–٤٧).

زیادەڕەوی ژمارەیی: جۆرێکە لە زیادەڕەوی مێژوویی، بە بەکارهێنانی ژمارە و چەندایەتی لە سەرچاوە مێژووییەکان بە شێوەیەک، کە لە ڕاستی تێدەپەڕێت، تایبەتمەندە. ئەمەش بریتییە لە

زیادکردنی ژمارەی دانیشتووان، لایەنی ئاواکاریی، دامەزراوە، یان سەرچاوەکان تا ڕادەیەک، کە ئەم ژمارانە لەگەڵ واقیعە ئابووری و قەبارەی دانیشتووانی ئەو سەردەمەدا یەکناگرنەوە . هەندێک جار، ژمارەکان بۆ ئاماژەدان بەزۆری و گەورەیی بەکارهێنراون نەوەک ئاماری ورد، بەم شێوەیە پێویسی بەڕێبازێکی ڕەخنەگرانە هەیە(روزنتال، ١٩٨٣: ١١٢–١١١).

ئەم دیاردەیە لە کاتی بەراوردکردنی گێرانەوەکان زیاتر بەدیاردەکەوێت لەوانە (الطبري )لە کتێبی (تاريخ الرسل والملوك ) لەگەڵ گێرانەوەکانی (المسعودي) لە ( مروج الذهب ومعادن الجوهر) دا دەردەکەوێت. (الطبري )لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان سەبارەت بەڕووداوەکانی سەرەتای سەردەمی عەباسیدا ژمارەیەکی زۆر سەبارەت بە هێزە سەربازییەکان یان بەشداربووان لە هەندێک ڕووداودا دەهێنێتەوە، ئەوەش تەنیا گێرانەوەکانی گواستۆتەوە بەبێ شیکاری ڕاستەوخۆوایکردووە ڕێگە بە زیادەڕۆیی ژمارەیی بدرێت (الطبري، ١٩٦٧،ج٧: ٢٩٥–٢٩٧).

لای خۆیەوە (المسعودي) لە کاتی باسکردنی دەرکەوتەکانی دەسەڵات و سامان و گەشەسەندنی شارەکاندا ژمارەیەکی بەرز دەخاتە ڕوو. بەڵام پێشکەشکردنی زانیارییەکان بە شێوازی ئینسایکلۆپیدییە، ئامانج لێی وەکو مێژوونووسێک، زیاتر خەمی کۆکردنەوە و بەڵگەنامەکردنی گێرانەوەکان بووە، نەوەک بیخاتە ژێر شیکاری چەندایەتییەوە (١٩٨٩،ج٢: ٣٠–٣٢). بۆیە بەراوردکردنی ئەو دوو دەقەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ژمارە زۆرجار بەشێوەی ڕەوانبێژی یان نیشانەیی لەناو گێرانەوەی مێژووییەکاندا خراونەتەڕوو، کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی مێژوونووسە بۆ گەورەکردنی ڕووداوەکە یاخود قەبارەی دەوڵەتەکە، نەوەک ئاماریکی ورد و چەندایەتی بکات کە بتوانرێت ڕاستەوخۆ بەبێ لێکۆڵینەوە زانیارییەکان وەربگیرێت.

زۆرجاریش ئەم زانیارییانە سەرنجی خۆی لەسەر وردیی ئاماری نادات، بەڵکو گرنگی دەدات بە دروستکردنی وێنایەکی گشتی لەڕووداوەکان یاخود دیاردەی شارستانیەتی؛ بەم شێوەیە ژمارەکان زۆرجار وەک ئامرازێکی ڕەوانبێژی بەکاردەهێنرێن، نەک وەکو زانیاریی دروست و ورد (ابن خلدون، ٢٠٠٥: ٤١–٥٢؛ محمد، ٢٠١٢: ١٨)

(ابن خلدون)بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە باسی ئەوە دەکات، کە پشتبەستن بەگواستنەوەی هەواڵەکان بەبێ ڕەچاوکردنی بنچینەکانی خوو (العادة) و یاساکانی شارستانسازی (العمران)، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە لەگواستنەوەی زانیارییەکان، بەتایبەتی لەو بابەتانەی، کە پەیوەندییان بەبیناسازی و دەستکەوتە شارستانیەتەکانەوە هەیە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ژمارە گەورە و زیادەڕۆیکراوەکان خەیاڵ، ئارەزوو یان مەبەستی مێژوونووس یان دەوڵەت پیشان دەدەن، نەوەک ڕاستییەکی ئاماری و ڕاستەقینە(ابن خلدون، ٢٠٠٥: ٥٢). ئەم ڕەخنەیە گرنگی خوێندنەوەی ژمارەکان لەچوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریيان ڕوون دەکات، نەوەک وەرگرتنیان وەک داتای گشتی و بێگومان.

شایانی باسە لەسەردەمی چاخی عەباسی یەکەمدا، ژمارەکان هەمیشە بۆ دیاریکردنی قەبارەی ڕاستەقینە بەکارنەهاتوون، بەڵکو زۆرجار وەک ئامرازێک بەکارهێنراون بۆ پشتڕاستکردنەوەی گەورەیی لایەنەکانی شارستانیەت، بۆ نموونە، (المسعودي)، شاری بەغدا

وەک: «گەورەترین شار لە جیهاندا» وەسف دەکات، بەشێوەیەک کە «نە ژمارەی خانووەکان دیارە و نە دانیشتووانی دەژمێردرێن»؛ لە کاتێکدا (البلاذري) گێرانەوەیەکی پارێزراوتر و نزیکتر بەڕاستی پێشکەش دەکات. ئەم جیاوازییە شێوازی نووسین نێوان وێنەسازیی ئەدەبی و تۆمارکردنی مێژوویی ڕێژەیی پیشان دەدات (١٩٨٩: ٢/ ٢٧٠؛ ١٩٩٦: ٣/ ٢١٢). لەم ڕوانگەیەوە،( المسعودي)) زیاتر بۆ وەسفی ڕووداوەکان دەچێت بۆ گەورەکردنی دەستکەوتە شارستانیەتەکان ، لە کاتێکدا (البلاذري) ژمارەکان بە شێوەیەکی سنووردار بەکاردەهێنێت و پشت بە هەڵسەنگاندنە نزیکەییەکان دەبەستێت. لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە پشتڕاستیان کردووەتەوە، کە ئەم زیادەڕەوییە ژمارەییانە هێمادار بوون و لە ڕووی ئامارییەوە ورد نەبوون (Kennedy, 2005:32; El Cheikh, 2004: 45).

هەروەها (اليعقوبي) ئاماژە بەوەدەکات، کە ژمارە پەیوەندیدارەکان بە زانایان و بەرهەمە زانستییەکان زۆرجار بە شێوەی نزیکەیی پێشکەش دەکرێن، کە ئەمە نیشانەیەکی ڕوونە بۆ هەوڵدان لە دروستکردنی وێنای بەغدا وەک شارێکی پڕ لەزانایان و فێرخوازان، کە پشتبەستن بە گواستنەوەی هەواڵەکان بەبێ ڕەچاوکردنی بنچینەکانی خوو (العادة) و یاساکانی شارستانسازی (العمران)، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە لەگواستنەوەی زانیارییەکان، بەبێ پابەندبوون بە وردیی ئاماری. ئەم شێوازە ڕەهەندی پروپاگەندەیی و پەروەردەیی وتاری مێژوویی پیشان دەدات (١٩٩٢: ٢٤٧/٢). بەبەراوردکردنی ئەم سەرچاوانە ڕوون دەبێتەوە، کە زیادەڕۆیکردنی ژمارەیی دیاردەیەکی هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو بەبارودۆخی شارستانی، سیاسی و کەلتووریی سەردەمەکەوە پەیوەست بوو؛ وەک ئامرازێک بۆ گەورەکردنی وێنای دەوڵەت، پیشاندانی گەورەی لایەنی زانستی و بیناسازی، یان بەرزکردنەوەی شوێنی کۆمەڵایەتی مێژوونووسان و زانایان.

لەشیکردنەوەی ئەم لایەنە وا دەردەکەوێت، کە زیادەڕۆیکردنی ژمارەیی لە نووسینی مێژوویی ئیسلامیدا دیاردەیەکی دووبارەبوو لە سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسییەکاندا، بەڵام ئاست و شێوازی بەکارهێنانی پێی بەپێی ڕێباز و دیدی مێژوونووسان جیاواز بوو:

- هەندێک مێژوونووس، وەک (الطبري) و( البلاذري) ، پشت بەگواستنەوەی هەواڵەکان دەبەستن لەگەڵ پارێزراوییەکی ڕێژەیی لە بەکارهێنانی ژمارەکان، کە ئەمەیان نزیکترە لەڕاستیی مێژوویی.

- هەندێکی دیکەی، وەکو: (المسعودي و ابن النديم)، ژمارەکان بە شێوەیەکی ئەدەبی و شانۆیی بەکارهێناون و دەستکەوتە شارستانیەکان بە شێوەیەکی زۆر گەورە پیشان داون. کە پشتبەستن بە گواستنەوەی هەواڵەکان بەبێ ڕەچاوکردنی بنچینەکانی خوو (العادة) و یاساکانی شارستانسازی (العمران)، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە لەگواستنەوەی زانیارییەکان،

- ڕێبازێکی ناوەندی لە لایەن (الذهبي ، السمهودي و اليعقوبي) یەوە دیاربوو، کە تێیدا هەڵسەنگاندنە ژمارەییەکان لەگەڵ وەسفە ڕەوانبێژییەکان تێکەڵ کراون، لەگەڵ هەوڵدان بۆ دووربوون لە زیادەڕۆیی زۆر کراوە.

لەم شیکردنەوەیەوە دەردەکەوێت، کە ژمارەکان تەنها داتای ژمارەی نین، بەڵکو ئامرازە ڕەوانبێژی و سیاسییەکانن، کە ڕەهەندی شارستانی و پروپاگەندیی دەقی مێژوویی

پیشـــان دەدەن. بۆیە، توێژەر پێویســـتی بەبەکارهێنانی ڕەخنەی مێژوویی ورد و بەراوردی سەرچاوەکان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕاستیی لایەنی شارستانیەتی سەردەمی عەباسییەکاندا بەشێوەیەکی زانستی و نزیک بە ڕاستی هەڵسەنگێندرێت.

دووەم: سـروشـتی سـەرچاوەکانی سـەردەمی عەباسـی و ڕێبازیان لەگواسـتنەوەی ژمارەکان:

توێژینەوە لەســەرچاوەکانی ســەردەمی عەباســییەکان دەریدەخات ، کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لەڕێبازی گواســتنەوەی ژمارە پەیوەندیدارەکان بەلایەنەکانی شــارســتانیەت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە لە ئاســـت زیادەڕۆیکردن لەگێڕانەوەکـاندا. بۆ نموونە،( الطبري) لە(تاريخ الرســل والملوك) ڕێبازی کۆکردنەوە (المنهج الجمعي) پەیڕەو دەکات، بەو شێوەیەی، کە هەواڵەکان وەک خۆیان لەسەرچاوە پێشووەکاندا هاتوون، گواستویەتییەوە ، بەبێ ئەوەی تێڕوانینێکی ڕەخنەیی فراوان بۆیان بکات. لەو بارەدا، زۆرجار دەربڕینی گشـتی وەک « هەزاران کارمەند» بەکاردێنێت لە وەســـفکردنی پرۆژەکانی ئاواکاری لە بەغدا، کە ئەمە پیشـــانی دەدات بەکارهێنانی ژمارەکان لای ئەو زیاتر ئامرازێکی وەســـفی و کاریگەری دروستکەر بووە بۆ نیشاندانی گەورەیی لایەنەکانی شارستانیەت، نەوەکو ئامرازێکی ئاماریی ورد، (١٩٦٧: ٣/ ٢١٠). شـــیکردنەوەی ئەم ڕێبـازە دەردەخـات کە مەبەســـتی (الطبري ) دروستکردنی هەستێک لەدەستکەوتی شـارسـتانیەت بووە بۆ خوێنەر، نەوەک پابەندبوون بە داتای ورد، ئەمەش هاوڕایی ئەو دیدگایەی (ابن خلدون)ە ، کە پێداگری لەسـەر ئەوە دەکات کە زۆریی هەواڵ و ژمارە پێویستی بە پێوانەی ڕاســـتبینانە هەیە کە لەگەڵ توانای کۆمەڵگا و بارودۆخی مادی و ئابوورییەکەدا گونجاو بێت (ابن خلدون، ٢٠٠٥: ٤١).

بە پێچەوانەی ئەوە، (البلاذري) لە( أنســاب الأشــراف) ، زیاتر ڕێبازێکی مامناوەند و پارێزراو هەڵدەبژێرێت، چونکە سەرنجی سەرەکی لەسەر لایەنەکانی کارگێڕی و سیاسی بووە و کەمتر باس لە ژمارە زۆر گەورەکان دەکات. ئەو زۆرجار پێوانە و هەڵسەنگاندنی سنووردار بۆ ژمارەی کـارمەنـدان یـان دانیشـــتووان پێشـــکەش دەکات، بەبێ ئەوەی خۆی لە ژمـارەی زۆرەوەدا بسەپێنێت (١٩٩٦: ٣/ ٢١٢). ئەم شێوازە زیاتر لە سنووری ڕاستەقینەی کۆمەڵگای عەباســی پیشــان دەدات، و دەتوانرێت وەک هەوڵێک بۆ هاوســەنگکردنی نێوان گواســتنەوەی مێژوویی و هەڵســەنگاندنی ڕەخنەیی لێکبدرێتەوە، کە (البلاذري) دەخاتە ڕیزی مێژوونوسـانی ڕێبازپارێز.

لە بەرامبەردا، (المســـعودي) لە (مروج الذهب) شـــێوازێکی وەســـفی–ئەدەبی توند بەکاردێنێت، کە تێیدا بەغدا وەک شـارێکی پڕ لە زانا، فێرخواز و کتێبخانە وێنا دەکات، و باس لەهەزاران کتێب و نوسەر دەکات بەبێ دیاریکردنی ژمارەی ورد. ئەمە ڕەخنەیەکی ڕوونە لە ئاراســـتەی زێدەڕۆی ژمـارەیی وەک ئـامرازێکی ڕەوانبێژی بۆ بەرزکردنەوەی شـــکۆ و گەورەیی دەوڵەتی عەباسـی (١٩٨٩: ٢/ ٢٧٠). شـیکردنەوەی ئەم دیاردەیە پیشـانی دەدات، کە ئەم ژمارانە زیاتر وەک هێما و نیشـــانەیەکی ڕکاردەکەن، بۆ پشـــتڕاســـتکردنەوەی پێگەی شـــارســـتانیەت و کەلتووریی بەغدا، نەک وەک داتایەکی وردی ئـاماری، ئەوەی کە ڕەخنە نوێکانیش پشتیوانی دەکەن(Kennedy, 2005: 32 )

سەرچاوەکانی دیکە ئەم وێنایە تەواو دەکەن؛ بۆ نموونە،( ابن الندیم) لە(الفهرست)دا باس لە ژمارەی زۆر گەورەی کتێبە وەرگێردراوەکان و نوسینی کتێبەکان دەکات، کە ئەم ژمارانە زیاتر هەوڵێکن بۆ پیشاندانی دەوڵەمەندی زانیاری و ڕۆڵی شارستانیەتی دەوڵەتی عەباسی (١٩٩٧: ٣٠٠–٣٠٥). لە هەمان کاتدا،( الذهبي، السمهودي و اليعقوبي) شێوازێکی تێکەڵی نێوان ژمارە نزیکەیی و وەسفی نیشانەیی پەیڕەو دەکەن، بە شێوەیەک، کە هەوڵ دەدەن نێوان ڕاستبینانەیی و ڕەوانبێژیدا هاوسەنگی دروست بکەن، وەک ئەوەی لە پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنی نزیکەیی بۆ ژمارەی زانایان و وەرگێڕان، یان لە زنجیرەی وەرگێرانە زانستییەکاندا دەبینرێت کە کۆی گشتییان هەستی «زۆری زانایان» دروست دەکات (اليعقوبي، ١٩٩٢: ٢٤٧؛ الذهبي، ١٩٩٦: ١٠/ ٣٠–٣٥؛ السمهودي، ١٩٩٥ :١٤٢).

لە ئەنجامی بەراوردکردنی سەرچاوەکان بۆمان دەردەکەوێت ( الطبري) زیاتر زانیاریەکانی گواستۆتەوەو وەک خۆی و حوکمی ئەو زیادەرویەی بە جێهشتووە بۆ خوێنەر ، (البلاذري) ڕێبازێکی ڕاستبینانە و ژمارەپارێز پەیڕەو دەکات، لە کاتێکدا هەردوو مێژوونوس(المسعودي و ابن الندیم) بەرەو گەورەکردن و ڕەوانبێژی ئەدەبی ئاراستە دەبن، هەروەها (الذهبي، السمهودي و اليعقوبي) شێوازێکی ناوەندی نێوان ڕاستی و زیادەڕۆیی نیشانەی هەڵدەبژێرن. بەم شێوەیە، دەردەکەوێت، کە زێدەڕۆی ژمارەیی لەسەرچاوەکانی عەباسیدا دیاردەیەکی هەرەمەکی نییە، بەڵکو پەیوەستە بەشێوازی مێژوونوس، نزیکبوونی بەدەزگاکانی حوکمی، و ئامانجی نووسینی مێژوو؛ جا ئەو ئامانجە شارستانیەت بێت، ڕاگەیاندنی سیاسی، یان زانستی. ئەمەش پێویستی بەرەخنەی مێژوویی و بەراوردی نێوان سەرچاوەکان پشتڕاست دەکات بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیی بارودۆخی شارستانیەتی سەردەمی عەباسییەکان هەروەک لەم خشتەی خوارەوە زیاتر روونکراوەتەوە:

پەیوەندی مێتۆدی مێژوونووس بە ئاستی زیادەڕەوی ژمارەیی لە سەرچاوەکانی عەباسیدا:

| ئاستی زیادەڕەوی ژمارەیی | تایبەتمەندییەکانی مێتۆد | مێژوونووسانی نوێنەر | مێتۆدی مێژوونووس |
|---|---|---|---|
| **مامناوەند تا بەرز** | **گواستنەوەی ڕیوایەتەکان بەو شێوەیەی لە سەرچاوەکانی پێشوو هاتوون، بێ ڕەخنەگرتن لەسەر ژمارەکان** | **الطبري** | **مێتۆدی گواستنەوەیی-کۆکردنەوە** |
| **نزم** | **سەرنجدان بە لایەنەکانی کارگێری و سیاسی، هەڵسەنگاندنی سنووردار بۆ ژمارەکان** | **البلاذري** | **مێتۆدی پارێزراو** |
| **بەرز** | **بەکارهێنانی ژمارەکان وەک ئامرازێکی ڕەوانبێژی بۆ پیشاندانی گەورەیی شارستانیەت** | **المسعودي، ابن الندیم** | **مێتۆدی وەسفی ئەدەبی** |
| **مامناوەند** | **کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ وەسفی مێژوویی** | **الذهبي، اليعقوبي، السمهودي** | **مێتۆدی مامناوەندی-شیکاری** |

**تەوەرەی دووەم : زیادەڕۆیی ژمارەیی لە ڕوکارەکانی شـارسـتانیەتی عەباسـی: زانایان و فێرخوازان و وەرگێران و کتێبەکان، سامان و ئابووری**

یەکەم: زیادەرۆیی ژمارەیی لە بواری زانستی ژمارەی زانایان وفێرخوازان:

زانایان و فێرخوازانی زانسـت یەکێک بوون لە بنچینە سـەرەکییەکانی شـارسـتانیەتی عەباسەکاندا، چونکە شاری بەغدا بوو بە ناوەندی ڕۆشنبیری و زانستی جیهانی، کتێبخانەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان تەرخان کرابوون بۆ پێشوازی لەژمارەیەکی زۆری فێرخوازان، کە لە ناوچە جیاوازەکانەوە هاتبوون، وەک: عێراق، شـام، حجاز و خراسـان (ابن الندیم، ١٩٩٧: ٣٠٠–٣٠٥). سـەرچاوەکان، وەک؛ (المسـعودي) لە (مروج الذهب)، ڕوون دەکاتەوە، کە ئاراسـتەیەکی ئاشـکرا بۆ زێدەڕۆی هەبووە، چونکە ئەو قەرەباڵغی کۆبونەوەی زانسـت و فێرخوازان بە شـێوەیەک وەسـف دەکات، کە «مەسـجیدەکان و ڕێگاکان تێکەڵبوون» (١٩٨٩: ٢٧٨). ئەم دەربڕینە ڕۆڵێکی ڕەوانبێژی هەیە، کە ئامانجی وێناکردنی شـاری بەغدایە وەک ناوەندی زانسـتیی جیهانی، بەڵام لەهەمان کاتدا ژمارە ڕاسـتەقینەکان زیادەڕۆیی لێ دەکات و پیشانی ئەوە دەدات، کە ژمارەکان ڕۆڵێکی نمونەییان هەبووە لەبەرزکردنەوەی پێگەی زانستیی پایتەخت.

لە بەرامبەردا، (الطبري ) تەنهـا بزوتنەوەی زانـایـان لە نـاو چوارچێوەی ڕووداوە سـیاسـییەکاندا باس دەکات، بەبێ ئەوەی ژمارەیەکی دیاریکراو پێشـکەش بکات، ئەمەش ڕێبازێکی وەسفی و وردتر پیشان دەدات، کە گرنگی بە پەیوەندی نێوان زانایان و دەسەڵات و خەلافەت دەدات (١٩٦٧: ٢١٥). لە هەمان کاتدا، (الذهبي) لەکاتی باسـکردنی بزوتنەوەی وەرگێران و زانایان وێنایەکی گشـتی لە لایەنی زانسـتی پێشـکەش دەکات، بەئاراسـتەیەکی مامناوەند بۆ زێدەرۆیکردن بۆ ئەوەی چالاکیی زانستییەکی بەهێز پیشـان بدات (١٩٩٦: ٣٠–٣٥). لە کاتێکدا،( البلاذري) بە ڕاسـت بینانی ڕێژەی ناسـراوە لەباسـکردنی مەدرەسـە و کتێبخانەکان، و سـەرنجی زیاتر لەسـەر ئەرکی فێرکاری و کەلتووری دەخات، بەبێ خۆ تێکەڵکردن لەژمارە زۆر گەورەکان (١٩٩٦: ٣/ ٢١٤).

(الیعقوبي) ئـامـاژە بە زۆری فەیلەسـوف و بیرکـار و فەلەکنـاسـی دەکـات، لەگەڵ ژمارەیەکی گەورە کە ئاماژەن بۆ چالاکیی توێژینەوەی زانسـتی و گواسـتنەوەی زانسـت لە شـارستانیەتەکانی پێشـووەوە. ئەمەش وەک نموونەیەکی دیکەی زیادەڕەوی ژمارەیی لە بواری زانستیدا بۆ نیشاندانی پێشکەوتنی هزری و زانستی سەردەمی سەرەتای عەباسیەکان( ٢٠٠٢: ١١٥–١١٧).

لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانرێـت بڵێین کە زێـدەرۆیی ژمـارەیی دیـاردەیەکی هەڕەمەکی نەبووە، بەڵکو پەیوەست بووە بەشێوازی مێژوونوسان و ئامانجیان لە نووسینی مێژوو.

هەرچی توێژینەوە نوێیەکانە ئەوەدەخەنەڕوو، کە ژمارەی فێرخوازانی زانسـت لە بەغدا لەو قەبارە گەورەیەدا نەبووە کە سـەرچاوەکان باس دەکەن، بەڵکو لە نێوان هەزاران تا چەند دەهەزارێکدا گۆڕاوە، کە ئەمەش لەگەڵ تواناکانی فێرکاری و ژێرخانی شارەکە لەسەدەی سـێیەمی کۆچییدا گونجاوە (Cambridge University Press, 2024: 47 ; Saliba,

(2007:22،ئەمە پیشـــانی دەدات کە زێدەرۆی زیاتر ئامرازێکی رەوانبێژی و ڕاگەیاندنییە تاوەکو داتایەکی ئاماریی ورد.

دووەم: ڕۆڵی زیادەڕۆیی ژمارەیی لە بزاڤی وەرگێڕان و نوسینی کتێبەکان:

ســـەردەمی عەباســـیەکان گەواهیدەری جوڵەیەکی بەرفراوانی بزوتنەوەی وەرگێڕان بوو، بە تـایبەتی لە ســـەردەمی خەلیفە مەئمون(١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز)، کە تێیـدا دەقە زانستی، فەلسـەفی، پزیشـکی و ئەستێرەناسییەکان لە یۆنانی، فارسی و هندییەوە وەرگێڕدران، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بوو بۆ گەشەسەندی بەرهەمی زانستی (ابن الندیم، ١٩٩٧: ٣٠٠–٣٠٥). مێژوونوس (المســـعودي) لەم بـارەیەوە ژمـارەیەکی زۆر گەورەی کتێـب و وەرگێڕان باس دەکات و ئەوان بەو شێوەیە وەسف دەکات، کە : ((لە ژمارەکردن دەرچوون)) (١٩٨٩: ٢٨٢)، لە کاتێکدا (الطبري) وەســفێکی مامناوەندتر پێشــکەش دەکات و ســەرنجی لەسەر ناوەڕۆکی چالاکیی زانستی دەخات، نەک لەسەر ژمارە.

وەک نموونەیەکی بەرچـاو بۆ زیـادەڕۆیی لە قەبـارەی دەســـتکەوتە مەعریفییەکـان، هەندێک لە ســەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە تەنها لە یەکێک لە کتێبخانەکانی بەغدا (خزینة الحكمة)، ژمارەی کتێبەکان پتر لە (٤٠٠,٠٠٠) بەرگ بووە (ابن الندیم، ١٩٩٧: ٣٠٥؛ شلبي، ١٩٨٢: ١٥٥) .ئەم ژمارەیە لە ڕووی زانستییەوە جێگەی گومانە، چونکە نوسینەوەی ئەم بڕە کتێبە بە دەســـت، پێویســـتی بە تێچوویەکی خەیاڵی و هەزاران خۆشـــنووس هەبووە کە لەگەڵ ڕاستینەی بەرهەمهێنانی کاغەز و پێستی ئاژەڵ لەو سەردەمەدا نایەتەوە".

دەتوانرێـت ئەم زیـادەڕۆییە وەک ئـامرازێکی ڕاگەیـانـدنی شــیکردنەوە بکرێت بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی پشـتیوانی خەلیفەکان لە زانسـت، لە کاتێکدا ڕێبازی ڕاسـتبینانە ڕێگا بە توێژەر دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی قەبارەی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی زانستی. توێژینەوە نوێکان پیشـــانی دەدەن کە بەرهەمی دەســـتنوس و کتێبە وەرگێڕدراوەکان، هەرچەنە زۆر بوو، بەڵام نەگەیشـتووە ئەو ئاسـتەی کەبە«هەزاران بێ‌سـنوور» وەکو ئەوەی مێژوونوس( المسـعودي ) وێنای دەکات، بەڵکو لە نێوان هەزاران کەم تا چەند دەهەزارێکدا بووە، بە تایبەتی لە بواری زانســـتە پراکتیکییەکـان، وەک: پزیشــــکی، ئەســـتێرەناســـی و بیرکـاری (Cambridge University Press, 2024: 47; Kennedy, 2004: 33–34; Makdisi, 1981: Cobb, 2001:88؛56).

لە کۆتـاییدا، دەتوانین بڵێن، کە زیادەڕۆی ژمـارەیی لە بزاڤی وەرگێڕان و نوســـینی کتێبەکان چەندین ئەرکی جیاوازی هەبووە، لەوانە: وێناکردنی چالاکیی زانســـتیی بەهێز، بۆ گەورەکردنی ڕۆڵی خەلیفەکان، بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی شـــارســـتانیەتی بەغدا، بەڵام ئەم شـێوازە ڕاسـتیی ئاماری بە وردی نەنووسـیوە. بەم پێیە، ڕەخنەی مێژوویی و شـیکردنەوەی بەراوردی نێوان ســەرچاوەکان پێویســتێکی بنچینەییە بۆ تێگەیشــتن لەســنوورەکانی ڕاســتیی مێژوویی و هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینە بۆ چالاکیی زانستی دوور لە زێدەڕۆیی ژمارەیی.

سێیەم: زیادەرۆی ژمارەی لەلایەنی ئابووری:

١.بەیتولمال و سەرچاوە داراییەکان:

سەرچاوە داراییەکان، بە تایبەتی خەراج، (بیت‌المال) و مووچەی خەلیفەکان، شوێنێکی سەرەکیان هەبووە لە وێناکردنی هێزی دەوڵەتی عەباسی و توانای ئەو دەوڵەتە بۆ پشتگیرکردنی لایەنی شارستانی و سەربازییەکان. ئەم وێناکردنە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا بە شێوەیەکی زۆر دیارە، بە جۆرێک، کە سامان و داهات وەک بنەمای سەرەکی بۆ پیشاندانی شکۆ و توانای دەسەڵات نیشان دراوە (ابن خلدون، ٢٠٠٥: ٢٦٤– ٢٦٦).

سەبارەت بە سامانی دارایی، گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن کە خەلیفە (هارون رشید)(١٧٠-١٩٣ک/ ٧٨٦-٨٠٩ز) لە دوای خۆی (٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠) نۆسەد ملیۆن درهەمی لە خەزێنەدا جێهێشتووە (المسعودي، ١٩٨٩: ٢/ ٣٤٥؛ الطبري، ١٩٦٧: ٨/ ٣٣٨)ئەم داتایە نموونەیەکی ڕوونی هەڵئاوسانی ژمارەییە، چونکە ئەم برە پارەیە لەگەڵ کۆی گشتی داهاتی ساڵانەی دەوڵەت و توانای کۆکردنەوەی باج (خراج) لەو قۆناغە مێژووییەدا ناگونجێت و تەنها بۆ گەورەکردنی پێگەی ئابووری خەلافەت هاتووە

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ئەم شێوەیەی وێناکردنە کاریگەری خۆی هەبووە؛ بۆ نموونە،( الطبري) لە(تاريخ الرسل والملوك،) داهاتەکانی (بیت المال) بە گشتی باس دەکات، بەڵام ژمارەی دیاریکراو و ورد پێشکەش ناکات (١٩٦٧ :٢/٥٥ ). بە پێچەوانەوە، (المسعودي ) زۆر جار وێنایەکی گەورە بۆ ژمارەکان پیشاندەدات، لەوانە کاتێک باس لە ( بيت‌المال ) دەکات وەک « گەنجینەیەکی بێ ئەژمار» پیشان دەدات. ئەم شێوە دەربڕینە ڕەنگدانەوەی ئەرکێکی پڕوپاگەندەییە، کە ئامانجی تیشک خستنە سەر توانای خەلیفەکانە بۆ بەڕێوەبردنی سامانی دەوڵەت و خەرجکردنی بەخشندەیی بۆ پڕۆژە گەورەکان (١٩٨٩: ١/ ١٢).

ئەم گەورەکردنەوەی ژمارەییە دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی سیاسی–شارستانیەت تێبگەینرێت؛ چونکە وێناکردنی سامان وەک «گەنجینەیەکی بێ ئەژمار» دوو ئامانجی سەرەکی هەیە: یەکەم، پشتڕاستکردنەوەی ڕەوانەبوونی دەسەڵاتی خەلیفەکان وەک بەڕێوەبەرانێکی سەرکەوتوو؛ و دووەم: جێگیرکردنی وێنای دەوڵەتی ئیسلامی وەک هێزێکی ئابووری گەورە لە ناوچەکەدا.(Kennedy, 2004: 121–122)

لە هەمان کاتدا، (ابن خلدون) ئاگاداری لەوە دەدات، کە پێویست نییە ژمارە گەورەکان بەبێ تێگەیشتن لە توانای بەرهەمهێنان و ژمارەی دانیشتووان قبوڵ بکرێن. ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ژمارەکان لە چوارچێوەی توانای ڕاستەقینەی کۆمەڵگا و ئابووریەکەدا خوێنرێنەوە (٢٠٠٥: ٢٦٤–٢٦٦).

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە داهاتی ڕاستەقینەی ساڵانەی خەلافەتی عەباسی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر بووە لەو ژمارە هەڵئاوساوەی، کە لەسەرچاوە کۆنەکاندا بۆیی دەگەڕێتەوە. هەندێک لە زانایان بە چەند ملیۆن دینارێکی زێڕین دەخەمڵێنن، خەملاندنێک لەسەر بنەمای شیکاری پێوەرە ئابوورییە ڕاستەقینەکان، لەوانە: قەبارەی دانیشتوان، داهاتی باجی زەوی و زەکات .(Cobb, 2001: 87) ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەڵاوسانی ژمارەیی زیاتر هێمای دەسەڵاتی ئابووری بووە نەک لێدوانێکی ورد، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی تێکەڵکردنی سەرچاوە مێژووییەکان لەگەڵ شیکاری ڕەخنەگرانە

دەکاتەوە بۆ تێگەیشـــتن لە قەبارەی ڕاســـتەقینەی دەوڵەت (Cambridge University Press, 2024: 52).

٢. کاریگەری زیادەڕەوی ژمارەیی لەسەر تێڕوانینی دەوڵەت:

بەکارهێنانی زیادەڕەوی ژمارەی لە وێناکردنی دەوڵەتی عەباســـی وەک قەوارەیەکی گەورە شـــەرعیەتی خەلیفەکانی بەهێزتر کرد (المســـعودي، ١٩٨٩: ١٢). ســـەرچاوەکان دەریدەخەن، کە ئەم زیادەڕەوی ژمارەییە تەنیا لە گەنجینەی وڵاتدا ســـنووردار نەبووە، بەڵکو درێژبووەوە بۆ وێناکردنی خەلیفەکان وەک پارێزەری زانســـت و کولتوور و ئابووری. وێناکردنی ســـەرچاوەکان وەک "بێ ژمارە" ئەو بیرۆکە ســـیاســـییە بەهێز دەکات، کە مێژوونووسان سەبارەت بە کارایی و شەرعیەتی دەوڵەت گریمانەیان کردووە (دوري، ٢٠٠٠: ٤٥؛ Mottahedeh, 2001:102 )

لە بەرامبەردا، هەردوو مێژوونووس، (الطبري) و (البلاذري)، لە وەســـفکردنی ئەم ڕووداوانەدا شـێوازێکی نزیکتر بە مێژوونووســی کۆن هەڵدەبژێرن، کە تێیدا زیاتر گرنگی بە گێرانەوە و تۆمارکردنی ڕووداوەکان دەدرێت. لە ســـەرچاوە داراییەکان ، ئەمەش ڕێگە بە زانایانی هاوچەرخ نادات، کە بەراورد بکەن لەنێوان گەورەکردنی ژمارەکان لەگەڵ ڕاستینەی مێژووییدا (١٩٦٧: ٥٥؛ ١٩٩٦: ٢١٤/٣)بەبەراوردکردن ئەوە ڕوون دەبێتەوە گەورەکردنی ژمارەکان ئامرازێکی ڕەوانبێژی بووە ، کە بۆ بەهێزکردنی گوتاری ســیاســی بەکاردەهێنرا، بەڵام نکۆڵی ناکات لەچالاکییە ئابوورییەکان، کە بەربڵاو و کاریگەر بووە، هەرچەندە بەقەبارەیەکی بچووکتر لەزیادەڕۆیی ژمارەکان پێشـــنیار دەکەن (OpenEdition Journals, 2024).

شیکاری سەرچاوە نوێیەکان ئەوە نیشان دەدات، کە هەڵسەنگاندنی سەرچاوە داراییەکان دەبێت بەپێی قەبارەی دانیشـــتووان بێت ، توانای بەرهەمهێنانی کشـــتوکاڵی و دابەشـــکردنی کارگێری باجەکان لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش جیاوازی نێوان زیادەڕەوی ئەدەبی و ڕاســـتینەی ئابووری ڕاستەقینە لە دەوڵەتی عەباسیدا ڕوون دەکاتەوە (Kennedy, 2004: 121–122; Cobb, 2001: 87).ئەمەش تیشـک دەخاتە ســەر پێویسـتی بوونی کۆکردنەوەی ڕێبازی مێژوویی و شـیکاریی پێوەرە ئابوورییەکان بۆ تێگەیشـتن لە وێنای گشـتی دەسـەڵاتی ئابووری دەوڵەت، نەک تەنها پشـــت بە ژمارە گەورەکانی ســـەرچاوە مێژووییەکان ببەســـترێت (Cambridge University Press, 2024: 52).

تەوەرەی سێیەم: زیادەڕەوی ژمارەیی لە گەشەپێدانی شار و بیناسازی:

ســەرەتای ســەردەمی عەباسـیەکان گەواهیدەری فراوانبوونی وێنای شـارەکان بوو، کە نموونەی دامەزراندنی بەغدای پایتەخت لە ســـاڵی( ١٤٥ک/٧٦٢ز) لەلایەن خەلیفە (ابوجعفر المنصــور)(١٣٦-١٥٨ک/٧٥٤-٧٧٥ز) و درێژبوونەوەی گەشــەپێدانی شــارەکان بۆ کوفە و بەسـرە و واسـت. ئەم شـارانە تەوەری دەسـەڵاتی ئابووری و سیاسـی و کولتووری دەوڵەتیان پێکهێنا، بەو پێیەی وەک پایتەختی ناوەندی و ناوەندی کاریگەریی کولتووری داڕێژراون.

زیادەڕەوی ژمارەیی لە وەسفی گەشەسەندنی شارەکاندا لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەم: خواستی تیشک خستنە سەر دەسەلاتی خەلیفەکان و توانای جێبەجێکردنی پرۆژەی بەرفراوان؛ دووەم: سروشتی پروپاگەندەیی گێرانەوەی مێژوویی؛ و سێیەم: کێبڕکێی نێوان مێژوونووسان بۆ وێناکردنی بەغدا وەک شارێکی ناوازە لەسەر ئاستی جیهانی. زۆرجار سەرچاوە عەباسیەکان خەملاندنی دانیشتووان و هێزی کار و خەرجییەکانیان هەڵدەئاوسان بۆ ئەوەی جەخت لەسەر شکۆمەندی دەوڵەت و گەورەیی کولتووری دەوڵەتەکە بکەنەوە (الطبري، ١٩٦٧ :٣/ ٢٨٠؛ المسعودي، ١٩٨٩: ٢/ ٢٩٥).

یەکەم: زیادەڕۆیکردنی ژمارەی لەلایەنی ئاواکاری:

١.بەغدا وەک نموونەیەک لە زیادەڕەوی ژمارەیی:

لە وەسفی قەبارەی خزمەتگوزارییەکانی شاری بەغدادا، هەندێک سەرچاوە دەڵێن ژمارەی حەمامە گشتییەکان گەیشتووەتە (٦٠,٠٠٠) حەمام و هەندێکی تریش دەگەنە (١٠٠,٠٠٠) حەمام(الخطيب البغدادي، ١٩٩٧: ١/ ١١٨؛ اليعقوبي، ٢٠٠٢: ٢٥٠) . شیکردنەوەی لۆژیکی ئەم ژمارەیە مەحاڵبوونی دەسەلمێنێت؛ چونکە دابینکردنی ئاو و سووتەمەنی بۆ ئەم ژمارە زۆرەی حەمام، پترە لە توانای ئەندازیاری و ژینگەیی شارەکە لەو سەردەمەدا".

"هەروەها باس لەوە کراوە کە لە کاتی دروستکردنی شاری بەغدادا، پتر لە (١٠٠,٠٠٠) وەستا و کرێکار پێکەوە کاریان کردووە(الطبري، ١٩٦٧: ٨/ ١٥؛ اليعقوبي، ١٩٩٢: ١/ ٢٣٨) .ئەمەش زیادەڕۆییەکی ژیربێژی لە وەسفی هێزی کاردا بۆ نیشاندانی خێرایی و گەورەیی پرۆژەی پێداوستی و ئامادەکاری خەلیفە منصور.

(المسعودي) شاری بەغدای وەسف کردووە بە "...گەورەترین شاری جیهان، ژمارەی خانووەکانی نادیارە و دانیشتووانەکەی بێشومارن.." (١٩٨٩: ٢/ ٢٩٥ )، لە کاتێکدا (الطبري) ئاماژە بەدامەزراندنی "هەزاران کرێکار" دەکات بەبێ ئەوەی ژمارەی وردی دیاری بکات (١٩٦٧: ٣/ ٢٨٠). ئەم لێدوانانە نوێنەرایەتی جۆرێک لەزیادەڕەویی ئاشکرا دەکەن، کە ڕەنگدانەوەی خواستێکە بۆ وێناکردنی شارەکە وەک پرۆژەیەکی شارستانیەتی گەورە، نەک تەنها وەک ناوەندێکی دانیشتووان.

بەپێی شیکردنەوەی دەقەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە مەرج نییە ئەم زیادەڕەوییانە ڕاست نەبن ، بەڵکو نوێنەرایەتی شێوازێکی ڕەوانبێژی و پڕوپاگەندەیی دەکەن نەوەک لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەربارەی ژمارە و گۆڕانکارییەکانی دانشتوان بدەن . هەروەک کە (ابن خلدون) جەختی لەسەر کردۆتەوە کە پشت ببەسترێت بەتوانا و سەرچاوە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئاماری دانیشتووان (٢٠٠٥: ٥٥).

٢. قەبارەی پرۆژەکانی بیناسازی و هێزی کار:

ئاخێوەران و گێراوەرەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەیان هەزار کرێکار بۆ ئەم پرۆژانە هێنراون، لەکاتێکدا سەرچاوە نوێیەکان ئاماژەیان کردووە بە ژمارەی دانیشتوانی بەغدا لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا لە ٥٠٠ هەزار-٨٤٠ هەزار کەس تێپەڕ نەبووە و پرۆژەکان پشتیان بە

توانای کارکردنی سـنووردار بەسـتووە لەچوارچێوەی توانا ڕاسـتەقینەکانی شـارەکەدا (Cambridge University Press, 2024:45).

لێرەدا جیاوازی نێوان سـەرچاوە ڕەسـەن و لاوەکییەکان دەردەکەوێت، کە: یەکەمیان مەیلیـان بەرەو زیـادەڕەوی ئەدەبی و پڕوپـاگەنـدەیی هەیە، لە کـاتێکـدا دووەمیـان هەوڵی هەڵسـەنگاندنی توانا ڕاسـتەقینە و ڕاسـتینەی کۆمەڵگا و دەوڵەت دەدات، لەڕێگای شـیکاری دەقەکان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زێدەڕۆیکردنی ژمارەیی ناو گێڕانەوەکان نکۆلی ناکەن لە چالاکیی بیناسـازی ، بەڵکو ڕەهەندێکی نیشـانەیی زیاد دەکەن، کە ئامانج لێی تیشـک خسـتنە سەر پێگەی خەلیفەکانە.

٣.شارەکانی تر و هاوسەنگی نێوان زەمینەی ئەو سەردەمە و زیادەڕەوی:

شـێوازەکانی زیادەڕەویکردن لە شـارەکانی دیکەی وەک کوفە و بەسـرە و واسـتدا دووبـارە بووەوە، کە گێڕانەوەکـان بـاس لە ژمـارەیەکی زۆر لە دانیشـتووان و کرێکـاران و پڕۆژەی بیناسازی دەکەن (اليعقوبي، ١٩٩٢: ٢٤٧). لە بەرامبەردا، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە ئاماژە بەوە دەکەن کە چڕی دانیشـتووان و ژێرخانی تاڕادەیەک سـنووردار بووە، ئەمەش ئەوە پیشـان دەدات کە زیادەڕەوی ژمارەیی توخمێکی سـیسـتماتیکی گوتاری کولتووری عەباسـی بووە. شـیکردنەوەی ئەم جیاوازییانە ئەوە دەردەخات کە مێژوونووسـان هاوسـەنگی لۆژیکی داتاکانیان پاراستووە

٤.ڕۆڵی خەلیفەکان لە ڕەهەندی سیاسی:

حەز و ئـارەزووی خەلیفەکـان بۆ بنیـاتنـانی شـارەکـان بووە هۆی زیـادبوونی مەیلی زیادەڕەوی لە سـەرچاوە مێژووییەکاندا. هەروەک وێناکردنی شـاری بەغدا بە شـارێکی پڕ لە زانا و کرێکار و هتد...، ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان ژمارە و گەورەیی کولتووری و سیاسییە (ضـيف، ١٩٩٨: ١١٠). بۆیە لەمیـانەی شـیکـارکردنی دەقەکـان دەردەکەوێـت کە ئەم زیـادەڕەوییـانە وەک ئـامرازێـک بووە بۆ نیشـانـدانی توانـای دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژەی بەرفراوان کاریکردووە، هەرچەندە ژمارەکان هەمیشە لەگەڵ ڕاستینەی ئامارییدا ناگونجاوە.

دووەم: هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ زیادەڕەوی ژمارەیی:

بە بەراوردکردنی سەرچاوە ڕەسەنەکان لەگەڵ لاوەکییەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە:

•سـەرچاوە ڕەسـەنەکان وەکو (المسـعودي، الطبري، اليعقوبي) زیادەڕەوییان وەک ئـامرازێکی ڕەوانبێژی و پڕوپـاگەنـدەیی بەکـارهێنـاوە، ژمـارەی بێ کۆتـا ونـاڕوونیـان ئاماژەپێکردووە.

توێژینەوە نوێیەکان پشتیان بە شیکاری شوێنەواری، دیمۆگرافی و ئابووری بەستبوو بۆ خەملاندنی ژمارە ڕاسـتەقینەکان :(Cambridge University Press, 2024:12) (journals.openedition.org, 2024:45)

•بەپێی ڕاڤەکردن و شیکاری دەقی سەرچاوەکان دەردەکەوێت، کە زیادەڕۆیی ژمارەیی لەلایەنی ئاواکاری بەمەبەستی بەرزکردنەوەی وێنای دەوڵەت و خەلیفەکان بووە، هەروەها بۆ وێناکردنی بەغدا وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری ناوازە، لە هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێت، کە چالاکیی ڕاستەقینەی شارەکان بەرفراوان بووە، بەڵام زۆر کەمتر بووە لە ژمارە زیادەڕەوییەکان.

(خشتەی ١)

بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە قەبارەی ئەو داتا ژمارەییانەی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتوون، ئەم خشتەیەی خوارەوە بەراوردکارییەک لە نێوان بوارە جیاوازەکانی لایەنی زانستی، ئابووری و بیناسازی نیشان دەدات، لەگەڵ دیاریکردنی جۆری زیادەڕۆیی و ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان پێداوە.

| تەوەرە | بابەت / لایەن | ژمارە / زیادڕۆیی | تایبەتمەندی و ڕۆڵ | سەرچاوەکان (نازناو، ساڵ: لاپەڕە) |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | زانایان و فێرخوازان | ٢,٠٠٠ – ٥,٠٠٠ فێرخواز (عێراق و شام)<br>٥٠٠ – ١,٥٠٠ (حیجاز و خراسان) | زیادەڕۆیی ژمارەیی و ڕوونی؛ بەرزکردنی ناوەندی زانستی بەغدا | ابن النديم، ١٩٩٧: ٣٠٠-٣٠٥؛ المسعودي، ١٩٨٩: ٢٧٨؛ الطبري، ١٩٦٧: ٢١٥؛ الذهبي، ١٩٩٦: ٣٠-٣٥؛ البلاذري، ١٩٩٦: ٣/٢١٤؛ اليعقوبي، ٢٠٠٢: ١١٥-١١٧ |
| دووەم | وەرگێڕان و نووسین | ٣,٠٠٠ – ١٠,٠٠٠ نووسراو و وەرگێڕان (سەردەمی مەئمون) | زیادەڕۆیی ژمارەیی بە ئامرازی ڕەوانبێژی و ڕاگەیاندنی سیاسی و کولتووری | ابن النديم، ١٩٩٧: ٣٠٠-٣٠٥؛ المسعودي، ١٩٨٩: ٢٨٢؛ Cambridge, 2024: 47؛ Kennedy, Cobb, 2001: 88؛ Makdisi, 2004: 33-34؛ 1981: 56 |
| سێیەم | سامان و ئابووری | داهات: ١ – ٣ ملیۆن دینار ساڵانە<br>مووچە: ١٠٠,٠٠٠ – ٢٠٠,٠٠٠ دینار | زیادەڕۆیی بۆ پشتگیری دەسەڵات و بەرزکردنی پێگەی شارستانیەتی خەلیفەکان | ابن خلدون، ٢٠٠٥: ٢٦٤-٢٦٦؛ الطبري، ١٩٦٧: ٥٥؛ المسعودي، ١٩٨٩: ١٢؛ Cobb, 2001: 87؛ Kennedy, 2004: 121-122 |
| چوارەم | شارسازی و بیناسازی | کرێکار: ١٠,٠٠٠ – ٢٠,٠٠٠<br>دانیشتوان: ٥٠٠,٠٠٠ – ٨٤٠,٠٠٠ (بەغدا) | زیادەڕۆیی ژمارەیی بۆ وێناکردنی ناوەندی سیاسی و کولتووری | المسعودي، ١٩٨٩: ٢/٢٩٥؛ الطبري، ١٩٦٧: ٣/٢٨٠؛ اليعقوبي، ١٩٩٢: ٢٤٧؛ Cambridge, 2024: 45؛ ضيف، ١٩٩٨: ١١٠ |

ئەنجامەکانی توێژینەوە:

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی شیکاری و بەراوردکاری بۆ دەقە مێژووییەکان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەم دەرەنجامە زانستییانەی خوارەوە:

١ .ژمارە وەک نیشانە نەک ئامار :دەرکەوت کە ژمارە گەورەکان لە سەرچاوە مێژووییەکاندا (بەتایبەت لە بوارەکانی ئاوەدانی و دارایی) وەک ئامرازێکی "ڕەوانبێژی" و "نیشانەسازی" بەکارهێنراون بۆ گوزارشتکردن لە شکۆ و گەورەیی خەلافەت، نەک وەک داتایەکی ئاماریی ورد کە بەدواداچوونی بۆ کرابێت.

٢ .دژبەری لەگەڵ ڕاستینەی ئاوەدانی :بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی ئیبن خەلدون، دەرکەوت کە هەندێک لە ژمارەکان (وەک بوونی ١٠٠ هەزار حەمام یان ٩٠٠ ملیۆن درهەم لە گەنجینەدا) لەگەڵ توانای لۆجستی، ژینگەیی و ئابووریی شاری بەغدا و تێکڕای داهاتی ئەو سەردەمەدا ناگونجێن و جۆرێک لە "هەڵئاوسانی هێمایی"یان تێدایە.

٣ .جیاوازیی ڕێبازی مێژوونووسان :توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ئاستی زیادەڕۆیی ژمارەیی بەپێی ڕێبازی مێژوونووسەکە دەگۆڕێت؛ مێژوونووسانی وەک (المسعودي) زیاتر پەنایان بۆ گەورەکردنی وێناکان بردووە، لە کاتێکدا مێژوونووسانی وەک (البلاذري) لە بەکارهێنانی ژمارەکاندا پارێزگارتر و ڕاستبینتر بوون.

٤ .شەرعییەتی سیاسی و مەعریفی :دیاردەی زیادەڕۆیی ژمارەیی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە "ناوەندییەتی بەغدا"وە هەبووە؛ ئامانج لێی چەسپاندنی ئەو وێنایە بووە کە بەغدا تەنها پایتەختێکی سیاسی نییە، بەڵکو مەڵبەندێکی بێڕکابەری زانست و ئاوەدانییە لە جیهاندا.

٥ .گرنگیی ڕەخنەی ناوەکی :توێژینەوەکە جەخت دەکاتەوە کە نابێت توێژەری مێژوویی ژمارەکان وەک "ڕاستی ڕەها" وەربگرێت، بەڵکو دەبێت بە میتۆدی "ڕەخنەی ناوەکیی دەق" و بەراوردکاری لەگەڵ زانستە مرۆییەکانی تر (وەک ئابووری و کۆمەڵناسی) هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

لەسەر بنەمای ئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

١ .بەکارهێنانی ژمارە وەک کەرەستەی شیکاری :پێشنیار دەکرێت لە توێژینەوە مێژووییەکاندا، "زیادەڕۆیی ژمارەیی" تەنها وەک هەڵەیەکی گێڕانەوە سەیر نەکرێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی شیکاری بۆ تێگەیشتن لە ئاستی گەشەی شارستانیەت و دەروونناسیی مێژوونووسانی ئەو سەردەمە بەکاربهێنرێت.

٢ .پەیڕەوکردنی ڕەخنەی بەراوردکاری :پێویستە توێژەرانی بواری مێژووی ئیسلامی، میتۆدی "بەراوردکردنی سەرچاوەکان" پەیڕەو بکەن بۆ جیاکردنەوەی لایەنە نیشانەیی و ڕەوانبێژییەکان لە ڕاستییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان، تاوەکو وێنایەکی ڕاستینە (نەک خەیاڵی) لە شارستانیەتی عەباسی بخەنە ڕوو.

٣ .پەرەپێدانی توێژینەوەی فرەپسپۆڕی :پێشنیار دەکرێت لە لێکۆڵینەوە شارستانییەتەکاندا، میتۆدی بەراوردکاری و شیکاریی چەندایەتی بەکاربێت؛ بە جۆرێک کە

زانیاریی دەقە مێژووییەکان بە پێوەرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەڵبسەنگێندرێن بۆ دۆزینەوەی بەهای ڕاستەقینەی زانیارییەکان.

بەربەستەکانی توێژینەوە :

توێژینەوەکە ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەوە کە پەیوەندییان بە سروشتی سەرچاوە مێژووییەکان و ئەو دیاردەیەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، دیارترینیان:

١.زیادەڕەوی ژمارەیی لە سەرچاوەکاندا: سەرچاوە ئیسلامییەکان لە کاتی وەسفکردنی زانا و فێرخوازان، بزووتنەوەی وەرگێران، گەشەسەندنی شارەکان و سەرچاوە ئابوورییەکان، ژمارەی زیادەڕەوی لەخۆدەگرن، ئەمەش وا دەکات پشتڕاستکردنەوەی وردبینییان بە بەراورد لەگەڵ ڕاستی مێژوویی قورس بێت.

٢.گۆڕانکاری لە شێوازەکانی مێژوونووسان و جیاوازی لە گێڕانەوەکاندا: هەندێک لە مێژوونووسان مەیلیان بەرەو زیادەڕەوی نیشانەیی هەیە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە زیاتر یەدەگن، ئەمەش بەراوردکردنی نێوان سەرچاوەکان زیاتر ئاڵۆزتر دەکات.

٣.پشتبەستن بە گواستنەوەی زارەکی و نەبوونی داتای ورد: زۆرێک لەسەرچاوەکان پشتیان بە گێڕانەوەی مێژوونووسانی پێشوو یان گێڕانەوەی زارەکی بەستووە، کە تۆماری ئاماری وردیان نەبووە، ئەمەش ئەگەری هەڵەکردن زیاد دەکات.

٤.ڕەهەندی پروپاگەندەیی و سیاسیی: زیادەڕەوی ژمارەیی هەندێک جار بۆ ڕازاندنەوەی وێنای دەوڵەتی عەباسی و بەغدا وەک پایتەختێکی ڕۆشنبیری بەکاردەهێنرا، نەک بۆ گەیاندنی داتای ورد. ئەمەش پێویستی بە خوێندنەوەی وردی ڕەخنەیی هەیە بۆ جیاکردنەوەی نێوان نیشانەی و ڕاستەقینە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەربی:**


- **البلاذري، أحمد بن يحيى بن جابر** (ت ٢٧٩هـــ / ٨٩٢م). (١٩٩٦) *أنساب الأشراف* (ج٣). بيروت: دار الفكر.
- **الخطيب البغدادي، أحمد بن علي** (ت٤٦٣ه/ ١٠٧١م).(١٩٩٧).تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية، بيروت.
- **ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد** (ت ٨٠٨هـ / ١٤٠٦م). (٢٠٠٥) *المقدمة* .بيروت: دار الفكر.
- **الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد** (ت ٧٤٨هـــ / ١٣٤٨م). (١٩٩٦) *سير أعلام النبلاء* (ج١٠). بيروت: دار الفكر.
- **السمهودي، محمد بن أحمد** (ت ٩١١هـــ / ١٥٠٥م). (١٩٩٥) *وفاء الوفا بأخبار دار المصطفى* .بيروت: دار الفكر.

- **الطبري، محمد بن جرير** (ت ٣١٠هـ / ٩٢٣م). (١٩٦٧) *تاريخ الرسل والملوك* (ج٣–٤). بيروت: دار الفكر
- **المسعودي، علي بن الحسين** (ت ٣٤٦هـــ / ٩٥٧م). (١٩٨٩) *مروج الذهب ومعادن الجوهر* (ج٢–٣). بيروت: دار صادر.
- **ابن النديم، محمد بن إسحاق** (ت ٣٨٥هـــ / ٩٩٥م). (١٩٩٧) *الفهرست* .بيروت: دار الفكر.
- **اليعقوبي، أحمد بن أبي يعقوب** (ت ٢٨٤هـــ / ٨٩٧م تقريبًا). (١٩٩٢) *تاريخ اليعقوبي* (ج٢). بيروت: دار الفكر.


**دووەم: ژێدەرەکان**

**١– بەزمانی عەرەبی:**


- **الدوري، عبد العزيز (٢٠٠٠).** مقدمة في التاريخ الاقتصادي العربي الإسلامي. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
- **روزنتال، فرانز (١٩٨٣).** علم التاريخ عند المسلمين. ترجمة صالح أحمد العلي. بغداد: دار الرشيد.
- **شلبي :أحمد، (١٩٨٢)**.تاريخ التربية الإسلامية، دار النهضة المصرية، قاهيره.
- **ضيف، عبد الرحمن (١٩٩٨).** تاريخ الحضارة الإسلامية. القاهرة: دار المعارف.
- **محمد، هبة الله (٢٠١٢).** مظاهر المبالغة العددية في المصادر التاريخية الإسلامية. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.


**٢-بەزمانی بیانی**


1. **Cambridge University Press. (2024).** ***Urban***
2. ***development in early Abbasid cities*. Cambridge: CUP.**
3. **Cobb, P. M. (2001).** ***White banners: Contention in ‘Abbasid Syria, 750–880*. Albany: SUNY Press.**
4. **El Cheikh, L. (2004).** ***Cities of the early Abbasid era: Urban development and administration*. Oxford: Oxford University Press.**
5. **Gutas, D. (1998).** ***Greek thought, Arabic culture: The Graeco-Arabic translation movement in Baghdad*. London: Routledge.**

6. **Kennedy, H. (2004).** ***The prophet and the age of the caliphates*****. London: Longman.**
7. **Makdisi, G. (1981).** ***The rise of colleges*****. Edinburgh: Edinburgh University Press.**
8. **Mottahedeh, R. (2001).** ***The mantle of the prophet: Religion and politics in early Abbasid era*****. London: I.B. Tauris.**
9. **OpenEdition Journals. (2024).** ***Abbasid urban studies*** **[Online]. Retrieved December 28, 2025, from https://journals.openedition.org**
10. **Saliba, G. (2007).** ***Islamic science and the making of the European Renaissance*****. Cambridge: MIT Press.**